دانیشتنی ١

## پێویستییە مرۆییەکان - مافەکانی مرۆڤ - بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان

# نووسراوی پێشکەشکردن


نووسراوی پێشکەشکردن

پێویستییە مرۆییەکان- مافەکانی مرۆڤ- بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان

مافەکانی مرۆڤ

41

THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE

# نووسراوی پێشکەشکردن

## پێویستییە مرۆییەکان - مافەکانی مرۆڤ - بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان

نووسراوی پێشکەشکردنی دانیشتنی ١ لە سلایدەکانی ٧-٢٨ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

### پێشەکی: مافەکانی مرۆڤ



بێ گوێدانە ئەوەی ئێمە کێین، سەر بە چ ئایین و ڕەچەڵەک و ڕەگەزێکین یان تەمەنمان چەندە و لە کوێ دەژین- هەندێک پێویستی بنەڕەتی هەن کە بۆ هەمووان هاوبەشن. هیچ کەسێک ناخوازێت بێ هیچ هۆکارێک دەستگیر بکرێت، ئەشکەنجە بدرێت یان جیاکاری لەدژ بکرێت، هەروەها هیچ کەسێک نایەوێت منداڵەکانی لە برسێتیدا بمرن. هەموومان دەمانەوێت لەو کۆمەڵگایانەدا بژین کە لەو شتانە پارێزراو بین.

---



مرۆڤەکان هەمان پێویستی بنەڕەتی و گشتگیریان هەیە. ئەگەر ئەم پێویستیانە نەبن، خۆشگوزەرانی جەستەیی، سۆزداری و ڕۆحیمان زەرەرمەند دەبێت.

### مافەکانی مرۆڤ



حکومەتەکانی جیهان دانیان پێدا ناوە کە هەموو کەسێک و لە هەر **شوێنیک** ئەم پێویستیانەی هەیە و حکومەتەکان بەرپرسیارن – لە ڕاستیدا ئەرکێکە- تا ڕێز لەم پێویستیانە بگیرێت و تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ بەدیهێنانیان بدەن.

---



بۆ هاوکاریکردنی ئەمە تا ببێتە ڕاستی، حکومەتانی جیهان لەسەر مافە مرۆییە جیهانییەکان ڕێککەوتوون- لەمەڕ ئەو مافانەی وا هەمووان هەیانە و ئەو ئەرکەی لەسەر شانی هەموو حکومەتانە، بۆ ڕێزگرتن و پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەو مافانە.

---



سێ گرنگترین ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤ ئەمانەن:

- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە ئێمە بە بەکارهێنانی پۆستەرەکان پێی ئاشنا بووین، هەروەها وردەکاریی دوو ڕێککەوتننامەی تر کە مافەکانمان بە شێوەیەکی وردتر بۆ ڕوون دەکەنەوە:
- پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان
- پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

ئەم دوو پەیماننامەیە لە ڕووی یاساییەوە پابەندن بەو وڵاتانەی پەسەندی دەکەن.

---



ژمارەیەکی زۆری وڵاتان بەشداری ئەم ڕێککەوتننامانەن- هەموو ئەو وڵاتانەی ڕەنگیان سەوزە لەسەر ئەم نەخشانە! حکومەتی هەموو ئەو وڵاتانە، پەسەندیان کردووە کە ئەرکێکی یاساییان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەنجامدانی سێ شت هەیە:




- بۆ ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەو یاسایانەی دایدەنێن و ئەو هەنگاوانەی بەرپرسان دەیگرنە بەر. بۆ نموونە، نابێت هیچ یاسایەکی جیاکاری هەبێت و نابێت هیچ کەسێک ئەشکەنجە بدرێت.
- بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دڵنیایی لەوەی هەمووان دەتوانن داوای دادپەروەری بکەن کاتێک مافەکانیان لە لایەن دەوڵەت یان هەر کەسێکی ترەوە پێشێل دەکرێت.
- بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ، باشترین هەوڵ بدەن بۆ دڵنیایی لەوەی هەمووان دەستیان بە مافەکانیان دەگات. بۆ نموونە، هەموو هەوڵێک بدەن بۆ دڵنیایی لەوەی هەمووان دەستیان بە چاودێری تەندروستی و پەروەردە دەگات. بە دڵنیاییەوە، هەموو حکومەتەکان هەمان سەرچاوەیان نییە، بۆیە هێنانەدی ئەو مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە پرۆسەیەکی پلەبەندییە.

---




حکومەتەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی خاوەنی ئەم مافانەن. یەکەم بەندی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت، "هەموو مرۆڤەکان بە ئازادیی و یەکسانی شکۆ و مافەوە لەدایک دەبن".

---



بەداخەوە، زۆر لە حکومەتەکان پابەندی ئەمانە نابن- زۆر کەس مافەکانیان پێشێل دەکرێن. ژنان، کچان، کەمینەکان، کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت و کۆچبەران بە تایبەتی ڕووبەڕووی پێشێلکردنی مافەکان دەبنەوە. توندوتیژیی جێندەری نموونەیەکی باو و ئاساییە کە لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانەدا ڕوو دەدات.

## ڕەخنەی مافەکانی مرۆڤ




کاتێک حکومەتەکان مافەکان پێشێل دەکەن یان شکست دەهێنن لە پاراستنی کەسەکان لە پێشێلکردنی ئەو مافانە، هیچ هێزێکی پۆلیسی جیهانی نییە تا سزای حکومەت بدات. بۆیە ئەگەر هیچ هێزێکی پۆلیسی نێودەوڵەتی نەبێت بۆ ناچارکردنی حکومەتەکان تا مافەکانی مرۆڤ پەیڕەو بکەن- ئایا مافەکانی مرۆڤ بێسوود نابن- تەنیا وشەی سەر کاغەز لەبری ئامرازێکی کاریگەر بۆ گۆڕانکاری؟

---



هەندێک ڕاستی لەوەدا هەیە کە هەندێک حکومەت زۆر قورس کاریگەر دەبن. بەڵام لە زۆربەی وڵاتەکان، ڕەخنەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووەتە هۆکاری گۆڕانکاری ئەرێنی. هەروەها چەندان ڕێگای بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ هەن بەبێ بوونی هێزی پۆلیسی نێودەوڵەتی.

---



هەندێک هۆکاری تر هەن وا دەکەن خەڵک ڕەخنەی مافەکانی مرۆڤ بکەن. ڕەنگە ئەمانە بیرکردنەوەی تۆش بن.

- ڕەنگە مافەکانی مرۆڤ بۆ تۆ تەکنیکی/هونەری دەربکەون- بابەتی پارێزەران و سیاسەتمەداران لەبری شتێک کە تۆش تێیدا بەشدار بیت.
- یان ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە مافەکانی مرۆڤ زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی تۆوە دوورە- شتێک کە چینێکی پایتەختی شارەکان دەتوانن خەمی لێ بخۆن.
- یان ڕەنگە مافەکانی مرۆڤ وەک چەکێک لە یارییەکانی سیاسەتی جیهانیدا دەربکەوێت.شتێک کە حکومەتەکان دووڕووانە بەکاری دێنن، ئەویش ڕەخنەگرتنی دوژمنەکانیانە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشیان مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

باشە، مافەکانی مرۆڤ پەیوەندیی بە یاساوە هەیە، سیاسەتمەدارەکان یاسا دادەنێن و پارێزەرەکان لەڕێی دادگاکانەوە، خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن. بەڵێ، هەندێک جار زاراوەکە بەکار دەهێنرێت و بۆ مەبەستی سیاسی سووکایەتی پێ دەکرێت. بەڵام مافەکانی مرۆڤ زۆر لەمانە زیاترن!

## مافەکانی مرۆڤ و ئێمە



وەک بینیومانە، لە ڕاستیدا مافەکانی مرۆڤ دەربارەی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەمانن. دەربارەی ئەوەی چی لە خوێندنگە، کێڵگە، شوێنی کار، ماڵەکان و گەڕەکەکانماندا ڕوو دەدات. هەروەها دەربارەی ئەوەی پێویستە چۆن لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەین و مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت. دەربارەی پاراستنمان لە سووکایەتی لە لایەن ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەرمانەوە هەیە- خاوەن موڵکەکان، خاوەنکارەکان، مامۆستا و تەنانەت ئەندامانی خێزان. وە بە دڵنیاییەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارانی وەکو پۆلیس، دادگاکان و سوپا و حکومەت.

ڕەنگە بتوانین بە وتنی ئەوەی مافەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانەن کە دەمانەوێت تێیاندا بژین و کار بۆ بونیادنانیان بکەین، کورتی بکەینەوە.

ئەگەر مافەکانی مرۆڤ ببنە واقعی کۆمەڵگاکانمان، ئەوا هەموومان بەشێکمان هەیە تا ڕۆڵی تێدا بگێڕین. پێشێلکاریی زۆری مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، چونکە کەسانی ئاسایی ڕێزی مافەکانی کەسانی تر ناگرن- بۆ نموونە کاتێک مامەڵە لەگەڵ هەندێک کەس دەکەین وەک ئەوەی یەکسان نەبووبن. هەروەها حکومەتەکان، بازرگانەکان و تاکەکان دەتوانن بەردەوامی بە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بدەن چونکە مرۆڤەکان پشتی یەکتر ناگرن و هەوڵی گۆڕانکاری نادەن. ئەمەش چونکە زۆربەی کات بێدەنگین.




ئێمە حکومەتەکان نین- ئێمە ڕێککەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤمان واژۆ نەکردووە. ئێمە ئەرکی یاساییمان بۆ دڵنیایی لە پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ نییە. بەڵام ئێمە مرۆڤی خاوەن ژیری و ویژدانین، هەروەها ئەرکی ئەخلاقیمان بەرانبەر یەکتری هەیە. وەک جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت:

"هەموو مرۆڤەکان یەکسان لە شکۆ و مافدا لەدایک دەبن. هەروەها ژیری و ویژدانیان پێ دراوە و دەبێت بە ڕۆحی برایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن."

"دەبێت هەموو تاکێک و هەموو دەزگایەکی کۆمەڵگا، بە فێرکردن و پەروەردە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێزگرتن لەم ماف و ئازادییانە هەوڵ بدات."

هەر کاتێک دەسەڵاتمان هەبوو لە ژیانی کەسانی تردا باشە یان خراپە ئەنجام بدەین، ئەوا ئەرکێکی ئەخلاقیمان بۆ بەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ هەیە. ناتوانین هەموو شتێک ئەنجام بدەین- لە هەندێک دۆخدا، قورسە بیر لە شتێک بکەینەوە کە بتوانین بیکەین- بەڵام کاتێک نادادپەروەری دەبینین، دەتوانین شتێک بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر بکەین، ڕەنگە ئەمەش ئەرکێکی ئەخلاقی بێت.

ئەنجامدانی شتێک دەکرێت هێندەی بوون بە دراوسێیەکی باش سادە بێت.

## چیرۆکی پێشەنگەکان



شەفەق حەسەن، ژنێکی بەریتانی موسوڵمانە لە باشووری لەندەن. لەم ساڵانەی دواییدا، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی تاوان لە بەریتانیا سەری هەڵدا. موسوڵمانەکان، بە تایبەتی ژنە موسوڵمانەکان (وەک شەفەق) کە سەرپۆشیان دەپۆشی، دەبوونە ئامانج- لەسەرهێڵ و سەر شەقامەکان. لەم چوارچێوەیەدا، بەخشندەیی و هاوڕێیەتی لەنێوان کەسانی باوەڕداری نەریتی جیاواز مانایەکی گەورە دەبەخشێت.

شەفەق دەڵێت باوەڕی ئەو بە مرۆڤایەتی گەڕایەوە کاتێک دراوسێ ناموسوڵمانەکەی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دیاریی بەخشییە خۆی و کوڕە ١٤ ساڵانەکەی بە ناوی ئایان بەبۆنەی ئاهەنگگێڕانی جەژن

.



شەفەق وێنەیەکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس داناوە و دەڵێت:

"دراوسێ ناموسوڵمانەکەمان ئێمەی تەواو سەرسام کرد بە خورمای جەزائیری و بەرماڵێک بۆ کوڕە چواردە ساڵانەکەم کە تەواوی مانگەکە بەڕۆژوو بوو. ئەو ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە دراوسێمانە، بەڵام بە تەواوی سەرسامی کردین بە دیارییەکانی جەژن"

"من نەمزانیبوو ئەو سەرنجی ئایانی داوە کە بەڕۆژوو دەبێت. کوڕەکەم هەستێکی تایبەتی هەبوو. ئەوان دراوسێیەکی دۆستانەن، هەروەها هەواداری بریانییەکەی دایکمن بۆیە هەمیشە لە مەجەلێکدا بۆی دەنێرین. ئێمە کۆمەڵگایەکی هەمەچەشنین، مایەی دڵخۆشییە کە دراوسێکەمان هێندە بیرمەند و هاندەری ئایان و بیروباوەڕە ئایینییەکانی بوو."

---



زالیها و ماگدالیناش لە چوارچێوەیەکی زۆر جیاوازدا، جیاوازیی دروست دەکەن. زالیها موسوڵمانێکی دڵسۆزە و داپیرەیە، خەڵکی دوورگەی پێمبایە لە زانزیبار و لە خوێندگەی قورئانی ناوچەکە وانە دەڵێتەوە.

---



ازالیها دەڵێت:

"من لە نائارامییەکانی کۆمەڵگاکەمان نیگەرانم. گەنجەکانمان هیچ باوەڕێکیان بە سەرکردە سیاسییەکان نییە و هیچ دەرفەتێکیان نییە"

---



بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"زۆربەی دانیشتووانی جیهان کە دێنە ئێرە بۆ کارکردن لە بواری پیشەسازیی گەشتیاری، مەسیحین. زۆر لە موسوڵمانەکان کە دەیان ناسم مەسیحییەکان تاوانبار دەکەن بە وەرگرتنی هەلی کاری ئەوان. من چەندان ساڵ بە نائارامی سیاسی و گرژیی ئایینیدا تێپەڕیم. چەندان کڵێسام بینیوە سووتێندراون، نامیلکەکانی وتارە کیناوییەکان دابەشکراون، مەسیحییەکان لە ڕێگەیان بۆ کڵێسا هەراسان کراون. من تێدەگەم کە ئەمە گەنجەکانمان توندڕەوتر دەکات و ئەمەش نیگەرانم دەکات. بۆیە پەیوەندیم بە کۆمیتەی نێوان ئایینەکانی ژنانەوە کرد."

---



"من دەمەوێت ڕێگریی لە توندوتیژیتی ئایین لە دوورگەکەی خۆماندا بکەم. لە خوێندنگەی قورئاندا، خوێندکارەکانم فێر دەکەم کە لێبوردەیی و خۆشەویستی بەشێکی سەرەکی ئایینەکەی ئێمەیە. داهاتوو لەگەڵ منداڵەکانی ئێمەدایە و ئێمە لە پیشاندانی ڕێگاکەیان بەرپرسیارین."

---



" ماگدالینا، دانیشتوویەکی مەسیحیی کە لە زانزیبار نیشەجێیە، بە هەمان شێوە، بەشداریی کاروباری نێوان ئایینەکانی کردووە. ئەو بەهۆی پۆشاکەکەی و ئایینەکەیەوە ڕووبەڕووی جیاکاری بووەتەوە، بەڵام بڕیاری داوە ببێتە دیواری دابەشبوونی نێوان مەسیحی و موسوڵمانەکان. هەروەها پەیوەندی بە ئەنجوومەنی ژنانی ناوچەی ئونگۆیا کردووە کە دەچێتە ناو کۆمەڵگاکان بە مەبەستی قسەکردن دەربارەی ئاڵنگاریی نێوان ئایینەکان و مافەکانی ژنان.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "من پەیوەندیم بە کۆمیتەکەوە کرد بە مەبەستی فێربوون لەبارەی ئیسلام و تێگەیشتن لەوەی موسوڵمانان چۆن دەژین". "ئێمە هەموومان ژنین، وە بەهۆی ئەمەوە ڕووبەڕووی جیاکاری دەبینەوە- پێویستە پێکەوە بین و پشتگیری یەکتری بکەین."



کەسانی بێشوماری وەک دراوسێی شەفەق و وەک زالیها و ماگدالینا هەن. کەسانی ئاسایی وەک ئێمە، کە لە ڕێگەیەکی بچووکی خۆیانەوە هەوڵ دەدەن مافەکانی مرۆڤ بکەنە واقعی کۆمەڵگاکەی خۆیان- پێشەنگە ناوخۆییەکان!

ئێمە هەرکێیەک بین، دەتوانین شتێک بۆ بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ بکەین!

**سەرچاوەکان**


بابەتەکانی باوەڕ
https://www.faith-matters.org/family-surprised-by-presents-from-non-muslim-neighbour-to-celebrate-eid/

سەنتەری نێوان ئایینەکانی زانزیبار(ZANZIC)
https://english.danmission.dk/project/zanzibar-peacebuilding-through-interfaith-dialogue/